# خۆپیشاندانەکەی نەجەی خەرامان و
# بەیاننامەکی مام بارام*

چنگکەوتنی زانیاری و بلاوکردنەوەی لە هەموو سەردەمێکدا کارێکی سەخت و جێگەی سەرنج بووە. زۆر جار لایەنەکانی شاخ چالاکییەکی چکۆلەیان دەکردە داستانێک و هەندێ جاریش چالاکی یەکتریان بۆ خۆیان بلاوکردوە، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی لەوە زۆر کارا بوون. شەڕی شاخی کۆسرەت و هەندرێن، و بۆسەکەی کانی وتمان ساڵی ١٩٨٠ باشترین نموونە بوون..

**شوێن: بنکەی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی عێراقە، بن ئەشکەوتێکی بەردەڵانی، لانەی بزن و مەڕی جارانی شوانەکانی هەورامان. دوڵێکی تەسک، کە شەوان تەنها ئەستێرە و ڕۆژیش گڤەی ڕەشەبا، بایەک کە ئەوەی سلێمانی نەیدەتوانی لەبەر شەڕیدا خۆی بگرێ..**
**کات: گرمە گرمی نانەواخانەکانی وتوێژی یەکێتی و ڕژێمی بەعسە، هەروەک هاژوهوژی دەنگی فەرهاد سەنگاوی..**

مام بارام*، بە پرتاو خۆی دەکا بە بارەگادا و تا ژوورەکەی ئەحمەد بانیخێلانی وچان نادا. تەنەنات بەلالوتەوە سلاو دەکا. من تەنها ئەوەم گوێ لێ بوو کە لە سلیمانی خۆپیشاندانە و مونەزمەکەی شەهید عوسمانی بەعس گیراوە. وتم تەواو، سەرکردەی خۆپیشاندانەکەی ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد، لێرەیە و ئەو هەواڵە خۆشە بۆ ئیزگەکە دەنێری. ئەو مام بارامە، لە نانکردندا زۆر پەنجە ڕەنگین بوو، وەک دەیانگێڕایەوە کاتی خۆی نانەوا بووە. زۆر جار بە ئێمەی دەوت، مەمکی ژن وەک گونکە هەویر وایە، نابێ ئازاری بدەی، ئەو قسانە چێژێکی تایبەتیان هەبوو، من و زۆرێکی دی، هێشتا ئەو بەختە یاوەرمان نەبوو کە ژوانی مەمان بکەین، یەکەم مەمک کە دەستمان بەری کەوتبێ هێ نانەواخانەکانی حزب بوو، ئیدی نازانم مام بارام، لە بێ ژنیدا بوو ئەوەی دەگۆ، یان چی؟ جار جار کە هاوڕێیان هەویریان دەشێلا، چەند کەڕەتێک ئەو مام بارامەم بینیومە، گۆنکی دەبڕی. هێندە جوان، خڕی دەکردن، دەتوت پەیکەرتاشە و تەنها مەمکەکانی ماون ، بە ڕەزی سنگییەوە هەڵیانواسێ..

نێوەڕۆیە و هەموومان دانیشتیوین، دوو دوو نان دەخۆین، ئەحمەد بانیخێلانی* و هاوڕێکانی دێنە دەرەوە و مام بارامیشیان لەگەڵە. خەندەی سەر لێوەکانی مام بارام، دەتوت هێنەکانی ستالینە و لینینگرادی ڕزگار کردوە.
بەڕێکەوت، ئەحمەد بانیخێلانی چاوی بە هاوڕییەکی میرمندالٚ، بە ناوی نەجە، دەکەوێ و لێی پرسی، ئەرێ هاوڕێ تۆ پێش کەمێ هاتی، خۆپیشاندانەکە چۆن بوو؟
ئەویش بە پیکەنینەوە، من تەنها ویستم دڵی مام بارام خۆش بکەم. خۆپیشاندانی چی، وەڵا بەعس هەمووی وەک جوجەڵە لێکردوە و کەس ناوێرێ ڤزە بکات. بوو بە پیکەنین. دواتر ئەحمەد بانیخێلانی لە مام بارام پرسی بوو، کە ئەو هەواڵەی لە کوێ پەیدا کردبوو؟ ئەویش لە وەلامدا گوتبووی، گوایە ڕێکخستنەکانی ئەوەیان پێ ڕاگەیاندوە، هاوڕێ ئەحمەد ڕودەکاتە مام بارام: دێارە ڕێکخستنەکانتان زۆر بەهێزن، ئێ خۆ ئەمجارەش، وەک ئەوانی دی، هێ نەجەی خەرامان بوو.

نەجەی خەرمان مێرمنداڵیک بوو، زۆرجار وەک ڕەشماڵەکانی قەندیل، هاوین و کوێستانی دەکرد. زۆربەی مالە پێشمەرگەکانی لە هەلەبجە و سلێمانیش دەناسی. هەندێ جار کە بێ پارە دەبوو، سەردانی یەکێ لەو ماڵانەی دەکرد و دەیوت: میردەکەت چاوەڕێتە یان کوڕەکەت دەیەوێ بت بینێ. ئەوانیش لەسەر ئەوە بەخشیشیان دەدایە. تا شکستی شۆڕش و گرتنی ڕێگەی ئەحمەد ئاوا ساڵی ١٩٨٦ ئەو باشترین کاسپی نەجە بوو. کوڕێکی زیتەڵە و قسەزان بوو..
==========================================

ئاسۆ بیارەیی.( ئارام هەورامی)
بەرکولێک لە یاداشتی تێنوسی پێشمەرگەیەکەوە
هاوینی ١٩٨٤ کەرەچال، ئەحمەد ئاوا، باشووری کوردستان

- نەجەی خەرامان : کوڕی خیزانێکی شیوعی بوو
- مام بارام: بەرپرسێکی ڕێکخستنی سلیمانی بوو
- ئەحمەد بانیخێلانی سەرکردەیەکی حزبی شیوعی بوو، خەڵکی بانیخێلانی دەربەند بوو
- ژانی گەل: رۆمانەکەی ئیبراهیم ئەحمەد